السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پێشنوێژی بۆمان کرد لە ڕەمەزاندا؛ هەشت ڕکات و(نوێژی) ویتری (ئەنجامدا)، لە شەوی داهاتوودا؛ لە مزگەوت کۆ بووینەوە وهیوامان ئەوە بوو بێتە دەرەوە، نەهات بۆ مزگەوت هەتاوەکو بەیانیمان بەسەردا هات

لە جابری کوڕی عبداللەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پێشنوێژی بۆمان کرد لە ڕەمەزاندا؛ هەشت ڕکات و(نوێژی) ویتری (ئەنجامدا)، لە شەوی داهاتوودا؛ لە مزگەوت کۆ بووینەوە وهیوامان ئەوە بوو بێتە دەرەوە (بۆئەوەی پێشنوێژیمان بۆ بکات)، نەهات بۆ مزگەوت هەتاوەکو بەیانیمان بەسەردا هات، چووین بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پێیمان ووت: ئەی پێغەمبەری خودا، هیوامان ئەوە بوو؛ بێیتە دەرەوە بۆ لامان وپێشنوێژیمان بۆ بکەیت، فەرمووی: «ترسام لەوەی (نوێژی) ویتر لەسەرتان فەرز بکرێت».

[حەسەنە] [ئیبنو خوزەیمە گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: (پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پێشنوێژی بۆمان کرد لە ڕەمەزاندا؛ هەشت ڕکات و-نوێژی- ویتری -ئەنجامدا-): واتا مانگی ڕەمەزان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە مزگەوتدا لە شەونوێژدا پێشنوێژی بۆ هاوەڵانی کرد وهەشت ڕکاتیان ئەنجامدا وپاشان نوێژی ویتریان کرد. (لە شەوی داهاتوودا؛ لە مزگەوت کۆ بووینەوە): واتا هاوەڵان لە مزگەوتدا کۆبوونەوە وگومانیان وابوو پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وەکو شەوی پێشووتر دێت وپێشنوێژیان بۆ دەکات. ووتیان: (وهیوامان ئەوە بوو بێتە دەرەوە -بۆئەوەی پێشنوێژیمان بۆ بکات-): واتا بۆئەوەی پێشنوێژیان بۆ بکات لە شەونوێژدا. (نەهات بۆ مزگەوت هەتاوەکو بەیانیمان بەسەردا هات): واتا ئەوان لە مزگەوت چاوەڕێیان کرد هەتاوەکو بەیان دەرکەوت. (چووین بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-): واتا ڕۆیشتن بۆئەوەی پرسیاری لێبکەن سەبارەت بە هۆکاری نەهاتنی بۆ پێشنوێژی کردنیان. (پێیمان ووت: ئەی پێغەمبەری خودا، هیوامان ئەوە بوو؛ بێیتە دەرەوە بۆ لامان وپێشنوێژیمان بۆ بکەیت): واتا حەزمان دەکرد وەکو شەوی پێشووتر لە شەونوێژدا پێشنوێژیمان بۆ بکەیت. (فەرمووی: ترسام لەوەی -نوێژی- ویتر لەسەرتان فەرز بکرێت): هۆکاری دەرنەچوونی ڕوونکردەوە ئەویش ئەوەیە ترسا لەوەی نوێژی ویتریان لەسەر فەرز بکرێت، ولە گێڕانەوەیەکدا: [خَشيت أن تُفرض عليكم] واتە: [ترسام لەوەی -شەونوێژی یان نوێژی ویترتان- لەسەر فەرز بکرێت]، ولە گێڕانەوەیەکی تردا: [خَشيت أن تفرض عليكم صلاة الليل] واتە: [ترسام لەوەی شەونوێژتان لەسەر فەرز بکرێت]، ئەمە هۆکاری دەرنەچوونی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بوو بۆ پێشنوێژی کردنی هاوەڵانی، بەهۆی ڕەحمەت وبەزەییبەرامبەریان ترسا لەوەی لەسەریان فەرز بکرێت چونکە ئەگەر شەونوێژ فەرز بکرایە بێگومان قورس دەبوو لەسەر زۆرێک لە مسوڵمانان، بۆیە خوای گەورە بەم شێوەیە وەسفی پێغەمبەری کردووە -صلى الله عليه وسلم- : {لَقَدْ جَاءَكُمْ رَسُولٌ مِنْ أَنْفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُمْ بِالْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَحِيمٌ} [التوبة: 128] واتە: {سوێند بە خوا بەڕاستی بۆتان هاتووە پێغەمبەرێک لە خۆتان قورس وگرانە بەلایەوە ناڕەحەتی وناخۆشی ئێوە زۆر سوورە لەسەر (باوەڕهێنان)تان بۆ بڕواداران زۆر دڵسۆز و میهرەبانە}. وبنچینەی فەرموودەکە لە هەردوو کتێبی سەحیحدا هاتووە، عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- شەوێکیان لە نیوەی شەودا دەرچوو، لە مزگەوتدا نوێژی کرد، وپیاوانیش لە پشتیەوە نوێژیان کرد، بەیانی هات بەسەر خەڵکیدا، وباسیان کرد، بۆیە -بۆ شەوی دواتر- خەڵکی زیاتر کۆبوونەوە ونوێژیان لە پشتیەوە کرد، بەیانی هات بەسەر خەڵکیدا، وباسیان

کرد، خەڵکی نێو مزگەوتەکە زۆرتر بوون لە شەوی سێیەمدا، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەرچوو ولە پشتیەوە نوێژیان کرد، کاتێک شەوی چوارەم بوو؛ مزگەوت پڕ بوو لە خەڵکی هەتاوەکو پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەرچوو بۆ ئەنجامدانی نوێژی بەیانی، کاتێک نوێژی بەیانی تەواو کرد، ڕووی لە خەڵکی کرد، وشایەتمانی هێنا، وفەرمووی: [أما بعد، فإنه لم يَخْفَ عليَّ مكانَكم، لكني خَشِيت أن تُفرض عليكم، فتَعْجَزوا عنها] واتە: [لە پاشاندا، کۆبوونەوەتان لە لای من شاراوە نەبوو، بەڵکو ترسام لەوەی -شەونوێژتان- لەسەر فەرز بکرێت، ولەوەیە نەتوانن ئەنجامی بدەن].

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11264